## چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منالأنی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو(وەلأمێك بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

عەلی مەحمود محەمەد –بەشی چوارەم




دەستەواژە بەکارهێنان لە نوسیندا بەبیٚ زانینی مانای تەواوی لەسەر نووسەر دەکەوێت , لە زماندا گرنگ ڕیز کردنی ووشە نییە , بەلٚکە مانای خودی ئەو ووشانەیە کە ڕستەکان پێك دەهێنن . دەستەواژەکان چەندە بریقەدار و بەزمانی بیانی و مۆدەی ڕۆژ نوسرابێت لە ناو ڕستەکاندا مانای تەواوی خۆی نەدات بە دەستەوە لە کۆتاییدا نوسەر لێی بەرپرسە , تەنها ئەوەندەش نا بەلٚکە بە زیانیشی تەواو دەبێت , متمانەی خوێنەر لەدەستە دات , ئەمە وا لە خوێنەر دەکات لە داهاتوودا لە بەکارهێنانی هەموو ووشەیەك لە لایەن ئەو نوسەرەوە گومان پەیدا بکات .

با پێکەوە سەرنجێك لەم کۆپلە نوسینەی بەڕێز مەلا بەختیار بدەین و لێرەوە ڕاستی بۆچونەکانمان بسەلٚمێنین لە خراپی بەکارهێنانی دەستەواژەکان , بەڕێزی دەنوسێت :-

ئەزمونوکانی سەردەمی مارکس و ئەنگلس , هەروەها هی سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لینین , پاشان هی خودی چین و هاوکاتیش هی ولأتانی ئەورووپای ڕۆژهەلأت , ئەوەتانیٚ هی کوبا ,کۆریا , ڤێتنام , لاوسیش , هەر هەمووی بیٚ تەم و مژ دەیسەلمێنن کە تێکەلأوکردنی بازاڕی سۆسیالیزم بە ئابوری دیموکراسی یان لاوازگردنی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بۆ سۆسیالیزم , مێژوو ڕەتیکردۆتەوە بێگومان جارێکی تریش ڕەتیدەکاتەوە .بەشی دووەم 2–7).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ئەزمونی سەرەمی مارکس و ئەنگلز

ئەمە یەکەم جارمە لەو کاتەوەی ئاشنا بووم بە بیری مارکسیزم گوێ بیستی ئەزمونی سەردەمی مارکس و ئەنگلز دەبم , تەنانەت لەو قەڵەم بە دەستانەشی شارەزاییەکی وایان لە مارکسیزمدا نییە و ڕەشۆکییانە دوژمنایەتی سەر تا خواری مارکسیزم و ئابوری سۆسیالستی دەکەن بە نوقتەو فاریزەشەوە . چونکە ئەم مێژووە ئەوەندە لێمانەوە دوور نییە نەنوسرابێتەوەو دەماو دەم پێمان گەیشتبێت تا بە سانایی بشێوێنرێت . مێژوو ئاگادارە ئابوری سۆسیالستی هیچ ئەزمونێکی لەسەر زەوی واقیع لە سەردەمی مارکس و ئەنگلزدا نەبووە لە هەموو سەدەی نۆزدەدا , تا ئەمڕۆ هەڵیسەنگێنین بزانیین سەرکەوتوو بوە یان شکست خواردە . ئەگەر مەبەستی بەڕێزی ئەزموونی 72 ڕۆژەی کۆمۆنەی پاریسە کە لەوەش زیاتر شك نابەین وەك ئەزمون تاقی کرابێتەوە لەسەردەمی مارکس و ئەنگلز , ئەوەش کۆمۆنارەکان تەنها لە لایەکی شاری پاریسدا دەسەڵاتدار بوون , مارکس و ئەنگلز و لینینیش ڕەخنەیان سەبارەت بە کەم و کوڕییەکانی لێی گرت , مارکسییەکان کەمایەتییەکی زۆر بچوك بوون تیایدا , کۆمۆنە جگە لە هەندێك بڕیاری شۆڕشگێڕانەی لە خزمەت چاککردنی بارودۆخی ژیانی هەژاران هیچ ئەزمنێکی ئابوری دیکەی وای بەجێ نەهێشتووە , هیچ ئامارێکمان لەسەر کۆی بەرهەمی نەتەوەیی پێش کۆمۆن و پاش کۆمۆن پێ نییە تاکو لە زمانی ئامارەوە ئەزمونەکە بخوێنینەوە بزانیین سەرکەوتوو بووە یان شکست خواردە , ئەوەشی کۆمۆنەی تێك شکاند هێرشی سەربازی و گەلە کۆمەی کۆنەپەرستانی ناوخۆو دەرەوە بوو دژ بە کۆمۆن نەك فەشەلی ئابوری و سیاسی و ئیداری کۆمۆنە . بە گشتی کۆمۆنە ناتوانێت ببێت بە نمونەیەکی سەرکەوتوو بۆ بۆچونەکەی بەڕێزی .

## ئابوری دیموکراتی چی دەگەیەنێت؟؟؟؟

لای ئەو کۆنە مارکسییانەی ئەمڕۆ بەرگە سورەکەیان لەبەر خۆیان داکەندووە , لەم سەردەمە پرۆلیتاریا وەك دەیەو نیوێك لەمەوپێش ڕزگارکەری کۆمەڵ نییە , بە هۆی لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەست دانی هێزی جارانی . هەرچەندە ئەمڕۆ هەژاران زۆر هەژارت و دەوڵەمەندانیش دەوڵەمەندترن , لەو سەردەمانەی ئەوان لەبەر چەوسێنەری ئالآی ڕوخانی سەرمایەدارییان بەرز کردبووەوە , لای ئەوان ئێستا کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانن ڕزگار کەری کۆمەڵن نەك پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ . ئەم ڕۆشنبیرانە هەوڵە دەن تەواوی ئەو چەمك و دەستەواژەو زاراوانەشی پەیوەندییان بە شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا و چەوسێنەری سەرمایەدارییەوە هەیە لە زەین و ناو نوسینەکانییان بسڕنەوەو بیگۆڕن بە ووشەو دەستەواژەی کە , کە لەگەڵ مۆدەی سیاسەتی ڕۆژدا یەك دەگرێتەوە , ئەگەر تواناشیان بڕی بکردایە زمانێکی نوێیان دادەهێنا , تا ڕزگارییان بێت لە تارمایی ئەو ووشەو دەستەواژانەی شەوو ڕۆژ لە ڕابردوو لە سەر زارییان بوو , خەوییان بە بەپراتیك کردنییەوە دەبینی .

زاراوەی ئابوری دیموکراتی کە بەڕێز مەلا بەختیار لەم بڕگەیەدا بەکاری دەهێنێت ناتوانم لە مێشکمدا مانایەکی بۆ بە کردن بدەم , ئەگەر وەریشی گێڕینە سەر زمانەکانی دیکە , ئەوا شتێکی سەیرو سەمەرەی وای لێ دەرەچێت , کاك بەختیار نەبێت , زیندەوەری خوا لەم سەر زەوییە ناتوانێت پێناسی پڕ بە پێیستی بکات . چەندە گەڕام بە دوای مانایەك بۆ ئەم دەستەواژەیە , لە هیچ فەرهەنگ و ئینسکلۆبیدایەك((ئینسکلۆپیدییای ئابوری –فەیسەڵ دەباغ– موکریانی –هەولێر) تەنانەت ئەنتەرنێتش نەك مانایەکەیم نەدۆزییەوە , بەڵکە کەسیش تا ئێستا بە لە زار دەرچونیش بێت , بەکاری نەهێناوە , تا لە ڕستەدا شوێنی بۆ بکاتەوە .

لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوە , ئەو خوێنەوارە مارکسیانەی بەرگی مارکسیزمییان لەبەر خۆ داکەند , لەبەر ئەوەی پێشتر ئەوەی دەیانزانی تەنها لە چوارچێوەی ئەو نوسینانە بوو لە مارکسیستدا ڕێ پێ دراو بوو , ئەوەندە دەرویێش بوون خۆیان لە خوێندنەوەی پەرتوکە حەرامکراوەکانی کۆمۆنیستەکان دەپاراست . لە ناکاودا سەیرییان کرد , کالآی ڕۆشنبیرییەکەیان , لە بازاڕی سیاسەتی نوێدا , قرانێك ناکات , بۆیە زۆرییان هەموو ووشە سۆسیالستییەکانیان دەکردە دیموکراسی , دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بە کۆمەڵگەی مەدەنی , تا فرییای گۆڕانکارییەکان بکەون و لە کاروانی سیاسەت دوا نەکەون . لەبەر ئەوەی زانیارییان لەسەر دیموکراسییەت لاواز بوو , درەنگ فێری ببون , نایان زانی چۆن و لە کوێ ڕستەکان بەکاری بهێنن , ترسی ئەوەم هەیە لەم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**نوسینەشدا کاك بەختیار سۆسیالستییەکەی ئابوری سۆسیالستی بە دیموکراتی گۆڕیبێتەوە , ئەم دەستەواژەیەی نوێیەی لیَ بەکردن دابێت , بەداخەوە لە قوتی هیچ عەتارێکدا نییە .**

**ئەگەر مەبەستی بەرێزی ئابوری سەرمایەداری و بازاڕی ئازادە , هیچکات هەواداران و داڕێژەرانی ئەو دەستەواژەیە ناوێرن ووشەی دیموکراتی بە بالاَی بازاڕی ئازاددا دابڕن , چونکە خۆیان دەزانن لە بازاڕی ئازاددا , هەموو شتێك لە پێناو قازانجە , دیموکراسیەت و حەزو ویستی خەلْك دەخرێتە ژێر پێی قازانجەوە .**

**بازاڕ هیچ کات ناتوانێت , لەبەرامبەر هەموو تاکەکاندا دیموکراسی بێت , بە چاوی یەکسان سەیرییان بکات , بەلاَم دەتوانێت ئازاد بێت لە مامەلْەکردن لەگەلْ تاکەکانی کۆمەلْ٬.**

**بازاڕی ئازاد و دیموکراتییەتی سیاسی دوو ڕوی یەك دراون , ئەمەش مانای ئەوە نییە یەك شت بن , سەرمایە لە پێناوی قازانجی خۆی , پێویستی بە ئازادی گواستنەوەو ئازادی کڕیار هەیە لە هەلْبژاردن و ئازادی گواستنەوەی هێزی کارو زانیاری و کەل و پەل و دراوو کەرەسەی خاو هەیە , بۆیە نەیاری دیموکراتی نییە . بازاڕی ئازاد هاوتایە بە ئابوری لیبرالْی , نەك بازاڕی دیموکراتی . ئابوری سەرمایەداری لە دوو لق پێك دێت , ئابوری ئازاد و ئابوری دەولْەتی . لیبرالْەکان بەرەی یەکەمن و چەپ و ئەوانەی کاریگەری چەپییان لەسەرە لایەنگری بەرەی دووەمن .**

**لە سستەمی لیبرالْییەتدا ئابوری بەدەست کەمایەتییەکی بچوکەوەیە , کەچی دیموکراسی باسی یەکسانی هەموو تاکەکان دەکات لە هەلْبژاردنی چارەنوسدا. مۆنۆپۆلْکردنی ئابوری و دیموکراسی سیاسی یەك شت ناگەیەنن , بەلْکە لە ناوەڕۆکدا دژ بە یەکن (التكافوء الاقتصادي والديموقراطية – د.عمار علي حسن –الاهرام – كانون تاثاني 2004 ).**

**دروشمی لیبرالْ کردنی ئابوری بریتیە لە لێگەڕیَ کاربکات , لێگەڕیَ بڕوات . بەلاَم دیموکراسییەت لە بواری سیاسەتدا کاری تاك و کۆمەلْ ڕێك دەخات , لە نێوان خۆیان و دەسەلاَت , لە چوارچێوەی شەرعییەتی یاسایی کە هاوولاَتییان لەسەری ڕێك کەوتون و بڕیارییان لەسەری داوە , سەرجەم هاوولاَتییان لە بەرامبەر یاسا و دەولْەت لە ماف و ئەرکدا یەکسانن . هەرچی ئابوری لیبرالْ و بازاڕی ئازادە ڕێکخستن و کۆنترۆلْ کردن و**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پەیمانامە بەستن ڕەتە کاتەوە , چونکە هەموو ئەوانە سنوری تەسکە کەنەوەو جوڵەی لاوازە کەن و دەست وەرە دەن لە ئازادییەکانی .

لە ئابوری لیبراڵدا ڕێکخستن لە بازاڕ نییە و کۆنتراکت لە نێوان بازاڕ و تاکەکانی کۆمەڵ نییە , , تاکە کۆنتراکتێك هەبێت ئەوەیە ئابوری ئازادە بێ کۆنترۆلە لە کۆنترۆڵ کردنی بژێوی گەل , چی لە قازانجی بێت ئەوە دەکات , ئازادە لە مامەڵە کردن لەگەڵ وورگی هاولاتیان , تەنانەت ئازادە لە لە برسا کوشتنیشییان . لیبراڵی لە ئابوری واتە هەڵگرتنی هەموو جۆرە پاڵەپەستۆو دەست تێوەردانێکی حکومەت لە ئابوریدا .

ئەگەر پرسیارێك لە گەورە ملیاردێری جیهانی جۆرج سیرۆس بکەیت و پێی بڵێیت سستمی ئابوری سەرمایەداری کە ئێستا نیولیبراڵەکان و ئەمەریکا ڕابەرایەتی دەکەن , ئایا دیموکراسییە ؟؟؟؟ . لام ڕونە وەلامەکەی لەوەی کاك بەختیار بە ویژدانانەترە و بێشك بە نا وەلام دەداتەوە . ئەو نیگەرانە لەوەی سەرمایەداری بە ڕێگایەکدا مرۆڤایەتی دەبات , لە کۆتاییدا بە مەرگی تەواو دەبێت , چونکە هیچ ڕێگایەکی بۆ خەڵکی هەژارو ولاتانی خوارو نەهێشتۆتەوە جگە لە یاخی بونەوە و شۆڕش , بۆ ڕزگار بون لە شۆڕش کە تەواوی سستەمەکە دەخاتە مەترسییەوە , ئەو ڕێگای ڕیفۆرمی سستەمی سەرمایەداری پێشکەشە کات , ترسی ئەوەی هەیە ملهوڕییەکانی لیبراڵە نوێکان سەری سەرمایەداری بخوات , لەو ترسەوەیە ڕەخنەی ئاراستە دەکات نەك لەبەر خاتری چاوی کاڵی هەژاران .

ڕاستە لە ئابوری سەرمایەدارییدا ئازادی هەیە بۆ سەرمایەگوزاری و هاتوچۆ . بەلام هیچکات ئەو ئازادییە نە بۆتە هۆی ئەوەی سیمای دیموکراتی پێ ببەخشێت لە بەشداری کردنی لایەنەکانی لە چارەنوسی بازاڕ .

پاشان مەرج نییە هەموو کات لە هەموو شوێنێکدا ئابوری لیبراڵ و دیموکراسی سیاسی هاوتای یەکتری بن . وولاتانی کەنداو سستەمە ئابورییەکەیان ئەوپەڕی ئازاد و لیبراڵە , بەلام دیکتاتۆری بە ئەندازەیەکی بێ وێنەیە لە هەموو جیهان. ڕژێمی ئینگلیزی لیبراڵی بوو بەلام نەبووە دیموکراسی تا ئەوکاتەی هەموو گەل مافی دەنگدانییان مسۆگەرکرد لەسەدەی بیست ( من مدرسة اثينا الى عبادة امريكا لها- لورين .ج.سامونس- بيان - 14-2-2005).

کاتێك دیموکراسیەت وەك فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی سەیرە کرێت لە شوێن قۆناغی سەرمایەداری , لێرەدا دیموکراسییەت و سەرمایەداری هاوتای یەکترە کرێت , لە کاتێکدا دیموکراسییەت سستەمی سیاسییە نەك فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی و سستەمی ئابوری . ئەگەر سەیری بەها دیموکراسییەکان لە ڕێکخستن و ماف هەڵبژاردن و دەنگدان و ماف ژنان و دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بکەین , دەبینین هەر پیتێکییان ڕوبارێك خوێنی بۆ ڕژاوە و مێژویی هەر یەکەیان بە مێشکی پژاوی هەژاران نوسراوەتەوە . هەر لە سستەمی سەرمایەدارییدا بوو بۆ ماوەی چەند سەدەیەك مرۆڤەکان دەکران بە کۆیلەو ژێرخانی ئەو سستەمەیان بنیات دەنا , تا ساڵی 1945 لە فەرەنسا و حەفتاکان لە سویسرا ژنان ماف دەنگدانییان نەبوو , ئەو کاتەشی ڕایس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا چاوی بە جیهان هەڵهێنا , هاو ڕەگەزە ڕەش پێستەکانی ماف دەنگدانییان نەبوو..... نمونەی وا زۆرە .

دیموکراسییەت ئەنجامی خەباتی جەماوەرییە نەك دیاری سەرمایەداران (حولة مستقبل الصين-د. سمير امين-ص26).

با لە چاوی ئەم ئامارانەوە دیموکراسیەتی ئابوری سستەمی سەرمایەداری لیبراڵە نوێیە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆی جیهان بخوێنینەوە .

225 دەوڵەمەندی جیهان خاوەندی 1 ترلیۆن دۆلارن , سەرمایەکەیان بە ئەندازەی سەرمایەی نیوەی مرۆڤایەتییە . گەورە دەوڵەمەندانێك کە سەرمایەکەیان لە سویسرایە و 3٪ دانیشتوانی زەوی پێك دەهێنن , سەرمایەکەیان بە ئەندازەی 97٪ دانیشتوانەکەی کەیە (افول الراسمالية ونحطاطها-زيد بوكس-2005--- بيان 31-1-2005).

هەر ئێستا 2 ملیار مرۆڤ لە جیهاندا بێ ئاون , ئاوی خواردنەوە بە دڵی خۆیان ناخۆنەوە , ئاواتە خوازی ئەوەن ئاوی شیرینی پاکژی دور لە نەخۆشی نۆش کەن , لەکاتێکدا دەوڵەمەندەکان لە زوەکەوە خواردنەوەی ئاوییان واز لێهێناوە , مەشروباتی ڕوحی و غازی نەبێت تینوییەتییان ناشکێت , ئەو هەژارانە منالەکانییان نازانن قوتابخانە چییە.

ئەوە نییە هەژاری تەنها خەڵکی وولاتانی باشوری گرتبێتەوە , بەڵکە 34 ملیۆن مرۆڤی هەژار لە وولاتانی باکوردا دەژێن (افول الراسمالية ونحطاطها-زيد بوكس-2005--- بيان 31-1-2005).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

15٪ دانیشتوانی ئەم گۆی زەوییە لە باکور 85٪ داهاتی جیهان بە دەستیانەوەیە.
دانیشتوانی ئەو ولاتە هەرە هەژارانەی کە 20٪ دانیشتوانی گۆی زەوی پێك دەهێنن بەشییان لە بەرهەمی نەتەوەیی جیهانی کە لە ساڵی 1960 بریتی بوو لە 2,2٪ ئێستا دابەزییوە بۆ 1,4٪.
لە بواری کەلو پەلی بەکاربردنیشدا ولاتە دەوڵەمەندەکان 70٪ وزەو 60٪ خۆراکی جیهانی بەکارەدەبەن , ئەوە لە کەلوپەلی خۆشگوزەرانی بگەڕێ بەشییان زۆر زۆر لەم ڕێژانە بەرزترە .
لە ساڵی 1996 دا 56,2٪ دانیشتوانی جیهان کە دەیکردە 3,326 ملیار مرۆۋ ,تەنها 5,4٪ ئابوری جیهانییان بەدەستەوە بوو , بەلاَم 15,6٪ دەوڵەمەندترین هاوولاَتیانی جیهان 80,65٪ بەرهەمی جیهانییان بەرهەم دەهێنا (ما العولمة- بول هيرست- جراهام طومبسون-ترجمة فلح عبدالجبار –ص112).
هەژاران لە سایەی ئەم سستەمەیا تا بێت هەژارتر و دەوڵەمەندانیش دەوڵەمەندتر دەبن , لە ولاَتانی خوارووی بیابانی گەورە لە ئەفریقیا , ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2001 دا پاش 20 ساڵ دەبێتە 47٪ ( 20–7–2004 بی بی سی) . بە تێپەڕ بوونی کات ئەم جیاوازییە زیاتر دەبێت ودەچێتە سەر .
ساڵی 1870 کرێکارێکی ئینگلیز کرێی ڕۆژێکی کار کردنی بەشی 6–7 کگم گەنمی دەکرد , لە هەمان کاتدا کرێی کرێکارێکی هیندی بەشی 5–6 کگم گەنمی دەکرد , لە ساڵی 1900 نرخی کرێی کرێکارە ئینگلیزەکە زیادی کرد گەیشتە ئەوەی بەشی 33 کگم گەنم بکات , بەلاَم کرێی کرێکارە هیندییەکە نیوەی نرخی خۆی لەدەست دا , ئەم جیازاوییە هەر لە زیادبوندایە تا ئێستاش .
ئەوە لە هێرش بۆ سەر دەسکەوتەکانی ڕابردوو پەشیمان بوونەوە لە دەوڵەتی ڕیفاه و بە پەراوێزکردنی زیاتری ولاَتانی باشور , هەڵگیرسانی شەڕو خۆشکردنی بازاڕی چەك بگەڕێ تایبەتمەندی ئەم سستەمە زاڵمانەیەیە لەم ڕۆژگارەدا کە گەیشتۆتە لوتکەی دیموکراسییەتی خۆی .
500 کۆمپانییای گەورەی جیهانی 45٪ بەرهەمی نەتەوەیی ئەم گێتییە بەرهەم دەهێنن (مسيرة الاقتصاد العالمي في قرن العشرين-د.منير حبش-الاهالي- ص 127) , لەو 500 کۆمپانیایە لە ساڵی 1998 تەنها 4 لە چین ئێستا بووەتە 15

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و 2 له مەكسيك و 5 له بەرازيل و يەك له هيندستانه , واته 97,6٪ ئەو كۆمپانيييايانه له ولآته دەوڵەمەندەكانه .

ولآته يەككرتوەكانى ئەمەريكا كه خواوەندى ليبراڵييەتى نوێ و بازاڕى ئازاده , 10٪ هەره دەوڵەمەندترينييان 68٪ سامانى ولآت به دەستيانەوەيه , 90٪ ى هاولآتيانيش 32٪ (العرب والعولمة –مركز دراسات وحدة العربية-بيروت 1998 –ص226).

جياوازى نێوان ئاستى ژيانى ولآتانى باكور و باشور له شەستەكان 31 جار بوو , ئەم جياوازييه له نەوەدەكان دابەزى بۆ 74 جار , واته داهاتى تاك له ولآتانى باكور 74 جار له ولآتانى باشور زياتره (Z-Magazine-لى سيو هين –ژمارەى يۆلى 2004).

له ساڵى 1992 ەوه له وولآته يەككرتوەكان ڕێژەى پاشەكەوتى تاك له 7٪ ەوه دابەزييوه بۆ 2٪ , مانكانەى بەڕێوەبەرى كۆمپانياكان 326 جار له كرێى كرێكارى ئاسايى زياتره , لانى كەمى كريى كرێكاران 20٪ كەمتره له ساڵى 1968 (جزيره نيت 19–1–2005– ابراهيم غرابه) .

ساڵى 1970 قەرزى ولآتانى پەرەستێن تەنها 62 مليار دۆلار بوو , لەساڵى 1980 گەيشته 481 مليار دۆلار و له ساڵى 1996 گەيشته زياتر له 2 ترليۆن دۆلار , واته 32 جار به ئەندازەى ساڵى 1970 (عولمة الفقر-ميشي شوسوفسكي-ترجمة جعفر علي حسين السوداني-بغداد 2001 –ص59).

ساڵى 2003 قەرزارييەكه گەيشته 2644,2 مليار دۆلار , كه ساڵى 2002 بڕى ئەو قەرزه 2526,6 مليار دۆلار بوو و ساڵى 2001يش 2470,9 مليار دۆلار بوو , هەرچى قازانجى ئەم قەرزانەيه ساڵى 2003 گەيشته 460 مليار دۆلار و ساڵى 2002 بريتى بوو له 398,6 مليار دۆلار و ساڵى 2000 بريتى بوو له 405,1 مليار دۆلار( جەزيره نێت 25–1–2005–). له بەروارى

12–8–2004 دوو بانكى ژاپۆنى مستيوبۆشى بانك و يو,اف,جيه يەكييان گرت گەورەترين بانكى جيهانييان پێك هێنا به قەوارەى 1,7 ترلين دۆلار(شرق اوسەت–12–8–2004). , دەكاته نزيك به 6٪ بەرهەمى نەتەوەيى هەموو جيهان , چەند بەرامبەر داهاتى هەموو ئەفريقا . كۆمپانياى شەل 18 مليار دۆلار قازانجى ئەمساڵى بوو , نرخى فرۆشتنەكانى گەيشته 337 مليار دۆلار به ئەندازەونيوێك زياترى بازرگانى هەموو عەرەب

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به نەوتەکەشیانەوە . بەڵام ئەکسۆن مۆبایل بەوەش دڵی ئاوی نەخواردەوە ساڵی 2004 قازانجەکەی گەیشتە 25,31 ملیار دۆلار و کۆی فرۆشتنیشی 300ملیار دۆلار بوو (جەزیرە نێت 31-1-2005) . قازانجی ئەم کۆمپانیایانە بیٚ لە باج و کریٚی کریٚکارو فەرمانبەران هەریەکەیان چەند بەرامبەری بەرهەمی نەتەوەیی ولاتیٚکی وەك بەنگەلادیشە بەو حەشاماتەیەوە .

تیٚکدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی , بەرزبونەوەی جیاوازی چینایەتی , هەژارکردنی باشور , لەم دوو دەیەی دواییندا گەیشتە ترۆپکیٚکی ترسناك لە سایەی دەسەڵاتدارییەتی لیبراڵە نویٚکان , کە ئەمەریکا ڕابەرایەتی دەکات .

سەرمایەداران کۆبونەوە لە دوای کۆبونەوە , لە دافۆسەوە بۆ کۆنگرەو کۆبونەوەکانی وولاتانی 7 و سندوقەکانی بانك و دراووی جیهانی و ڕیٚکخراوی بازرگانی جیهانی سازە کەن بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکان و بنەبڕکردنی هەژاری , بەڵام پاش ئەوە کە ئامارەکان بڵاو دەکریٚنەوە دەبینین هەژاران هەژارترو دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر بوونە , ئەوانیش خۆیان دەزانن ئامانجییان کەمکردنەوەی جیاوازییەکان نییە .

هەنگاوی وا بۆ باشتر کردنی باری ژیانی خەڵکی ئەم وولاتانە بە لیٚخۆش بوون لە قەرزەکان و خستنە سەر پشتی دەرگای بازرگانی دەبیٚت بۆ بەروبومی ئەو وولاتانەو زیاتر کردنی یارمەتییەکانی دەرەوەیە , کە ئیٚستا ناگاتە 0,7٪ بەرهەمی نەتەوەیی وولاتەکانییان و بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاری دەبیٚت لەو وولاتانە . پارساڵ هەموو سەرمایەگوزاری دەرەوە لە ئەفریقا 20 ملیار دۆلار بوو , لە کۆی 612 ملیار دۆلار لە هەموو جیهان (13-1-2005 جەزیرە نیٚت) , لە کاتیٚکدا بەشی زۆری ئەو سەرمایەگوزارییە لە لیبیاو سودان و نایجیریاو باشوری ئەفریقیا و تونس و مسر بەکارخراوە , لەمەشدا وولاتانی هەژاری خواروی بیابانی گەورە دەست بەتاڵ دەرچونەتە دەرەوە .

ئەوە نییە تەنها مارکسییەکان ڕەخنەیان لەم نابەرابەرییە گرتبیٚت , هەرچەندە ئەوەی لە ماوەی ئەم دوو سەدەیەدا ڕەخنەی لەم سستەمە گرتبیٚت مۆرکی کۆمۆنیستی بونییان داوەتە پاڵی , تەنانەت ئەمە قەشەکانی ئەمەریکای لاتینیشی گرتەوە کە بە لاهوتی ڕزگاریخواز بەناوبانگ بوون . یەکەم لایەن کە ڕەخنەی لە سەرمایەداری گرت کەنیسە بوو , سەرەتای سەدەی نۆزدە کارکس پەرتوکیٚکی نووسی بەناوی سەرمایە (بەیان 7-

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2005-2) . ماندیلا لە گۆڕەپانی ترافلغار لە لەندەن لە بەرواری 3-2-2005 ووتی:-
ئازادی ڕاستەقینە نییە لەو شوێنەی هەژاری هەیە (سی سی ئێن 4-2-2005) .

## ئەزمونەکانی وولآتانی بەناو سۆسیالستی لە چاکسازییدا

ئەوەی لەو ولآتانەی کاك بەختیار ناوییانی ڕیزبەندی کردووە , تێکەڵاو کردنی بازاڕی سۆسیالستی نییە بە ئابوری دیموکراتی , بەڵکە تێکەڵاوکردنی ئابوری سۆسیالستییە بە ئابوری سەرمایەداری(بازاڕی ئازاد) . کاتی خۆی چەپەکان ئەوەندە بە قێزەوە باسی سەرمایەداری و چەوساندنەوەکانییانیان کردووە ئێستا بەم کۆکتێل کردنە لە ئابوری ڕادەچەڵەکن و شەرم لەووشەی سەرمایەداری دەکەن , بۆیە بەترسەوە بەکاری دەهێنن .

لەو کۆکتێل کردنەوە ئەوەی بەرهەم هات چینییەکان پێی دەڵێن سۆسیالزمی بازاڕ , ئەو ئەزمونەش تا ئێستا بە کارایی توانییویەتی خۆی تاقی بکاتەوە و بەسەرکەوتوویی تا ئەم چرکەیە لێی دەرچووە , ئەم کۆکتێلە لە چین و تا ڕادەیەك لە ڤێتنام موعجیزەی ئابوری بێهاوتای بەرهەم هێناوە , هەرچەندە ڤێتنامییەکان تا ئێستاش بەشەرمەوە ناوی دەبەن , بەلآم سیاسەت و ئابوری شەرمی تێدا نییە , گرنگ مشك گرتنەکەیە نەك ڕەنگی پشیلە , سۆسیالزمێك نەتوانێت پێشکەوتن بەرهەم بهێنێ بە قڕانێکی قەڵب .

ئەم ئەزموونە لە چاکسازی سەرنجی پاشماوەی وولآتە سۆسیالستییەکانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە بە کۆریاشەوە , تەنانەت بۆتە نمونەی نموونەیی بۆ زۆر لە وولآتانی جیهان بە وولآتە ئەورووپییەکانیشەوە , کە موعجیزەت دروست کرد هەوادارو لایەنگرو موریدت زۆرە بێت , موعجیزە ئاینییەکان کۆتاییان پێ هاتووە و تازە سەر هەڵنادەنەوە , ئێستا جێی خۆیان بۆ موعجیزەی ئابوری چۆڵ کردووە , کوشت و بڕی بۆش و ئەمەریکا لەبەر ئەوەی بەرگی دۆلاری لەبەرە هۆلیود بەشێوەی دیموکراسییانە نیشانمان دەدات , ئێمەش بە مەکدۆناڵدو کۆکا کۆلاوە نۆشی دەکەین و چەپڵەی ئازادی خوازی بۆ لێ دەدەین .

لە هەمان برگەی نوسینەکەی بەڕێزی دا هاتووە :-

**ئەوەتانێ هی کوبا ,کۆریا, ڤێتنام , لاوسیش , هەر هەمووی بێ تەم و مژ دەیسەلمێنن کە تێکەڵاوکردنی بازاڕی سۆسیالیزم بە ئابوری دیموکراسی یان**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لاوازگردنی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بۆ سۆسیالیزم , مێژوو ڕەتیکردۆتەوە بێگومان جارێکی تریش ڕەتیدەکاتەوە .**

له سەرەتاوە با لە بیرمان نەچێت ئەم ئەزموونە هێشتا لە کۆریا و لاوس ئەزمونی ئەم کۆکتێلە ئابوورییە تاقی نەکراوەتەوە تا تەسکییەی تێکشکانی بکەین یان بەسەرووباڵ سەرکەوتنییدا هەڵدەین , بەڵام مەیل هەیە بۆی . بەڵام ئەم ئەزموونە تا ئێستا لە چین بەسەرکەوتوویی تەمەنی خۆی بەسەرە بات , نیشانەکانی تێکشکانیش سەرییان دەرنەهێناوە , ئەگەر دەریش کەوتایە لەو بڕوایەدام کاك بەختیار سەردانی ناکرد , نابێت ئەوەش لە بیر بکەین هێز بوو هەوادار و دەرویش نازانیت لە کوێ ناوییان بنوسیت بۆ خۆی زۆرە بێت , چۆن دۆلار هەموو شتێکی ئەمەریکایی ڕەونەقدار کردووە , لە ئایندەشدا ئەگەر چین سەرکەوتوو بێت ڕەنگرێژی جیهان دەکات بە ئەزموونەکانی خۆی , هەر ئێستاش بۆ زۆر لە وولاتان و گەلانی جیهان نموونەی موعجیزەی سەرکەوتووە , وولاتانی دەورو بەری خۆی لە مەنگۆلییاو بۆرماو کەمبۆدییاو بەنگەلادیش و ڤێتنام و لاوس و هیندستان و ڕوسیا و کۆریا و .... بونەتە بازاڕی چین .
سەرۆك وەزیران هیندستان نوتوار سینگ , کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ئابوری زانەکانی جیهان , ئەزموونی ئابوری چینی بە ئەزمونە هەرە سەرکەوتووەکانی جیهان ناو زەد کرد .

پێشبینی بانکی ئاسیا بۆ گەشەی ئابوری یەکێك لەو وولاتانەی کاك بەختار بە ناسەرکەوتوو ناوی دەبات بەم شێوەیەیە , ڤێتنام ساڵی 2004 بە ڕێژەی 7,5٪ و ساڵی 2005 بە ڕێژەی 7,6٪ گەشە دەکات , هەرچی ناردەشە ساڵی 2004 بە ڕێژەی 16,3 ٪ و ساڵی 2005 بە ڕێژەی 12٪ گەشە دەکات , ساڵی پاریش کۆی بەرهەمی نەتەوەیی بە ڕێژەی 7,24٪ گەشەی کرد (شینخوا 23–9–2004) . ئابوری چینیش ساڵی ڕابردوو 9,5٪ گەشەی کرد , پێشبینی وایە لە5 ساڵی داهاتوو لانی کەم 8٪ گەشەبکات , کۆی بەرهەمی نەتەوەیی چین بگاتە 21 ترلیۆن یوان (2,6 ترلیۆن دۆلار) لە ساڵی 2010 (ڕۆیتەر 10–2–2005) . بەڵام ساڵی 2003 ڤێتنام 7,2٪ و لاوس 5,5٪ و کوبا 2,6٪ گەشەیان کرد (سایدی سیای ئەمەریکی) .

هەرچی وولاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتە ئەوە هیچ ئەزمونێکییان لەو کۆکتێلە ئابورییە نییە , چونکە چاکسازییەکان لەو وولاتانە بە ئاستێك خێرا بوو هەر فریای ئەوە کەوتن داس و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەك وچەكە فڕێ بدەن كۆمپانیاو دەزگاكان لەسەرخۆیان تاپۆ بكەن و تالآنی كەن ، ئابوری بكەنە بازاڕی فول ئازاد و پیرو پەككەوتەكانی وولآت بۆ برسێتی سەر جادە بەجێ بهێڵن .

دیموكراسییەت و گەشەكردن مەرج نییە هاوتەریبی یەكتر بن . لە مێژوودا زۆر نموونەی دژمان هەیە ، با بزانیین بیر مەندی گەورەی جیهانی سەمیر ئەمین چی دەڵێت لەم بوارەدا :- زۆر ئەزمونمان لەبەر دەستدایە تیایدا گەشەی ئابوری و دیموكراسییەت پەیوەندی نییە بەیەكەوە ، ئەزمونی یابان و كۆریای باشور(حولة مستقبل الصين -ص 26 -سەمیر ئەمین). ئەزمونی شیلی و سەنغافورەو بەرازیل و ئیسپانیاش دەتوانیین بە نموونەی كەی بهێنینەوە بۆ نەبوونی پەیوەندی ڕاستەوانە لەنێوان دیموكراسییەت و گەشەكردن . ئەمەی خوارەوەش چەند نمونەیەكی كەیە ڕاست و دروستی بۆچونەكەمان دەسەلمێنێت :-

دیكتاتۆرییەكانی تازە گەری كە لە نێوان ساڵەكانی 1980-1990 دەسەلآتدار بوون گەشەیان بە ئابوری دا .

ساڵی 1950-1958 لە پاكستان حوكمی دیموكراتی بوو ، بەلآم گەشەی ئابوری پاشەكشەی كرد و فەسادی گشتی زیادیكرد ، كەچی لە دوای ساڵی 1958 ەوە پاش كودەتا سەربازییەكە ، ڕێژەی گەشەكردنی ئابوری زیادیكرد و گەندەڵی كەم بوەوە ، ئەمە لە كاتێكدا دیموكراتییەت نەمابوو . لە ئەندەنوسیاش ئابوری پاشەكشەی كرد لە سەردەمی دیموكراسی ، بەلآم كە سوهارتۆ گەیشت بە دەسەلآت ئابوری گەشەی كرد . هیند ولآتێكی دیموكراسی یە بەلآم ئاستی گەشەكردنی لە خوار چین و ئەندەنوسیاو پاكستانەوەیە (تێبینی نوسەر- بەلآم ئێستا هیندستان بە ڕادەی سەرسوڕهێنەر گەشە دەكات) . لە بەرازیل و ئەرجەنتین و ئۆرۆگوای لە سەردەمی دەسەلآتدارییەتی سەربازیدا گەشە زیاتر بوو ، شیلی لەسەردەمی پینۆتشە ئاستی گەشەكرنی بەرز بوو ( تنمية معاكسة- جيلير ايتين- بروفيسور في جنيف -باريس 2003 - بيان, 10-1-2005).

دوو بەرامبەر كردنی بەرهەم بۆ بەریتانیا 60 ساڵی خایاند لە ساڵی 1870 ەوە, بۆ ولآتە یەككگرتوەكان لە ساڵی 1840 ەوە 40 ساڵی خایاند و بۆ یابان لە 1880 ەوە 33 ساڵی خایاند ، ئەندەنوسیا پاش ساڵی 1965 تەنها 17 ساڵی خایاند ، هەرچی چینە تەنها 10

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سالی خایاند بۆ دوو بەرامبەرکردنی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی ولات پاش چاکسازییەکان ( بەیان 15-8-2004 – عزت عمر –شرق و غرب –مرکز دراسات والبحوث ستراتیجیة 2003).

لە کۆریا و تایوان چاکسازی ئابوری پێش چاکسازی سیاسی کەوت , تەنانەت لە سەنگافورەش . چین لە سالی 1960 تا سالی 1994 رێژەی گەشەکردنی دوو بەرامبەر و هەندێك جار سێ بەرامبەر هیندستان بوو , کەچی یەکەمیان دەسەلاتی موتلەقی تاك حیزب و دووەم دیموکراسی بوو . کەواتە دەتوانیین لەم نموونانەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی ئەگەر دیموکراسی زەمینەی لەبار دروست بکات بۆ گەشەکردن , بەلام مەرج نییە هاوتەریبی یەکتر بن .

سەرکەوتنی ئەم ئەزمونە بە ئاستێکە , تەکانی گەورەی داوە بە ئابوری چین و تا رادەیەك ڤێتنام, هەرچەندە قەبارەی ئابوری ڤێتنام رێگە لەوە دەگرێت ببێتە نموونەیەکی جیهانی . نموونەی سەرکەوتووی پرۆژەی ئابوری لە وولاتانی بچوکی وەك سەنگافورەو هۆنگ کۆنگمان هەیە , بەلام ئەم نموونانە بەهۆی بچوکییانەوە ناتوانن ببنە نمونەیەکی گشتی جیهانی , بەلام چین شانسی ئەوەی لەبەردەمدایە ببێتە جەمسەرێکی سیاسی و ئابوری و سەربازی جیهانی و نموونەیەك بۆ کۆپی کردنەوەی ئەزمونەکانی بۆ وولاتانی کە .

نازانم ئەم هەموو نمونەیەی تا ئێستا هێناومانەتەوە دەتوانێت بۆچونەکانمان بسەلمێنێت یان بەدوای ولاتانی کەدا بگەرێین و نموونەی کە بۆ پشتگیری بۆچونەکانمان بهێنینەوە , ئەگەر کاك بەختیار بیەوێت چەپکێك کەشی پێشکەش دەکەین .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com